ئەران و فەرەنسا وتووێژ بە بژاردەیەکی سەرەتایی بە چارەسەری قەیرانی ئەتەمی دەزانن.

ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا ئەمڕۆ چوارشەممە رایگەیاند، مەسعود پزیشکیان سەرۆك کۆماری ئێرانی ئاگادارکردەتەوە لە پێویستی تاران بە خێرایی بگاتە ڕێککەوتنێك بە دورکەوتنەوە لە سەپاندنەوەی سزاکان، بەتایبەتی کە "تەنها چەند کاتژمێرێکی ماوە".

ئیمانوێل ماکرۆن لە پۆستکدا لە پلاتفۆرمی ئێکس نوسیویەتی، "چاویکەوتوە هاوتا ئێرانییەکەی کە لە نەتەوە یەکگرتوەکانە، دڵنیایکردوەتەوە کە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتەمی ئێران هێشتا ئەگەری هەیە بە دورکەوتنەوە لە دوبارە سەپاندنەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان و تەنها چەند کاتژمێرێکی کەمی ماوە".
ئونیشیکردەوە کە "ئێران دەبێت وەڵامی ئەو مەرجە شەرعییانە بداتەوە کە دامانناون".
ماکرۆن ئەو مەرجانەی خستەڕو کە ئەوروپییەکان "سازش"یان لەسەر ناکەن و وتی، "یەکەم مەرج دەستگەیشتن بە تەواوی بە پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتەمی بە شێوەی ئەتەمییەکان، شەفافیەت سەبارەت بە هەڵگرتنی ماددە پیتەنراوەکان و دەستپێکردنەوەی دەستبەجێی دانوستانەکان".

هاوکات ماکرۆن هۆشداری دایە ئیسرائیل لە داخستنی کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە قودس، ئەوەش دوای دانپڕدانانی پاریس بە دەوڵەتی فەڵەستین و بە "هەڵەیەکی گەورە"ی وەسفکرد.

سەبارەت بە ئۆکرانیا، ماکرۆن پێشوازی لە "پەیامێکی زۆر ڕون"ی دۆناڵد ترەمپ هاوتا ئەمریکیەکەی کرد، کە لێدوانەکانی ڕۆژی سێشەممە ڕەنگدانەوەی گەلانی هەڵوێستی خێی بو سەبارەت بە شەڕی ئۆکرانیا، پێیوابو کە کێڤ توانای وەرگرتنەوەی تەواوی ئەو خاکەی هەیە کە ڕوسیا دەستی بەسەردا گرتوە.